من تەنها بۆ ئەوە نێردراوم کە ڕەوشتە جوانەکان کامڵ بکەم

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «من تەنها بۆ ئەوە نێردراوم کە ڕەوشتە جوانەکان کامڵ بکەم».

[حەسەن - باش)] [رواه البخاري في الأدب المفرد وأحمد والبيهقي]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە -عز وجل- ئەوی ناردووە بۆئەوەی ڕەوشت وفەزڵ وکردەوە جوانەکان کامڵ بکات؛ وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نێردراوە بۆئەوەی پەیامی پێغەمبەرانی پێشوو تەواو بکات، وتەواوکاری ڕەوشتە جوانەکانی عەرەبە، ئەوان خێریان خۆشدەویست وڕقیان لە شەڕ وخراپە بوو، خەڵکانێکی جوامێر وبەخشندە وشکۆدار بوون، وخوای گەورە پێغەمبەری نارد -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی بە ڕەوشتە جوانەکان کامڵ بن وڕەوشت وخووە ناشیرینەکانیان نەهێڵێت وەکو شانازی کردن بە باوباپیران، وخۆبەگەورەزانین، وبەچاوی سووك سەیرکردنی هەژار وهتد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66233